**دووەم / دەستوەردانی عوسمانی لە کاوباری ناوەخۆی میرنشینە کوردییەکان: -**

ڕێکەوتنــی کــورد ـــ عوســمانی لە ســاڵی 1514 بنەمــای پەیوەنــدی نێــوان عوســمانی میرنشــینە کوردییەکــانی دارِشــتووە میرنشــینەکان لە کاروبــاری نــاوخۆدا تەواو ســەربەخۆبوون، بەڵام تەنهــا ولائــی سیاســی بــۆ عوســمانیەکان و هەنــدێ پەیوەســتبوونی دارایــی و ســەربازی بە عوســمانیەکان دەبەســتێتەوە، هەر بــۆیە زۆربەی ســەرچاوە و گەریــدەکانی ئەوکــاتی بە روونــی باســی ســەربەخۆیی میرنشــینەکان دەکەن، وەك گەریــدەی ئیتــالی [ پێتــرۆ دێلاظــالا لە 1616 ] دەڵــێ : میــر شمســەددین کــوری شــەرەفخان تەواو لە دەســەلاٌتی تــورك و فــارس ســەربەخۆ بــوو. هەروەهــا [ ئەولیــا چەلەبــی لە کتــابی [ســیاحەتنامە] لە ( 1675 - 1700 ) دەڵێــت : میــری میرنشــینی [ ئەگیــل ] ســەر بە عوســمانیەکان نــیە و نــاتوانن لای بــرن و لە دوای خۆشــی کــورِەکەی لە جــێگەی دەبێــت لەبەر ئەوەی حــوکمەتەکەی تەواو ســەربەخۆیە. هەورەهــا [ کارســتن نیبــوری ] ئەلمــانی لە ( 1766 ) دا دەڵێــت : کوردەکــان رِازی نــابن عوســمانیەکان کەســیان بەســەرەوە دامەزرێنێــت بەڵکــو ئەوان ســەربەخۆن، لێــرەوە رِوون دەبێــتەوە کە میرنشــین و میــرە کوردەیەکــان بەزۆری ســەربەخۆبوونە، بــۆیە عوســمانیەکان بەمە رازی نەبــوون و هەوڵیــان داوە دەســت لە کاروباریــان وەربــدەن و لە ســەربەخۆیی میرنشــینە کوردەیەکــان کەم بــکەنەوە و بــۆ بەرژەوەنــدی خۆیــان بەکاریــان بهێــنن. لە دیــارترین ئەم رێگایــانەی کە عوســمانیەکان دەســتیان لە کاروبــاری میرنشــینە کوردییەکــان وەرداوە بریتی بوون لە: -

**أ- دانانی میرە کوردەییەکان و لابردنیان : -**

بەگــوێرەی ڕێکەوتنــی کــورد - عوســمانی دەبــوو دوای مــردن یــان لابردنــی هەر میرێکــی کــوردی ئەو میــرەی کە لەدوای ئەو دێت دەبێــت فەرمــانێکی ســولتانی بــۆ دەرکــرێ لە ئەســتنبوڵەوە. لەراســتیدا ئەمەش دەبــوە مــایەی کێشــە چــونکە عوســمانیەکان هەر میــرێ دوای ئەوە دادەنــرا ئەگەر بە دڵیــان نەبــوایە و بەگــوێرەی بەرژەوەنــدی ئەوان کــاری نەکردبــایە فەرمانیــان بــۆ دەرنەدەکــرد هەرچەنــدە ئەو کەســەش لە نــاو خەلکــی دابنــرایە یــان هەڵبــژاردرایە، بەڵکــو ئەوان بە ئــارەزووی خۆیــان کەســێکیان دادەنــا کە بە گــوێرەی بەرژەوەنــدی ئەوان کــار بکــات، کە ئەمەش بەکارهێنــانەوەی ڕێکەوتنــی کــورد - عوســمانی بــوو دژی کــورد، چــونکە هەرکەســێ تــا فەرمــانی ســوڵتانی بــۆی دەرنەچوبــایە بە میــری میرنشــینەکە هەژمــار نەدەکــرا، لەلایەکــی تــرەوە ئەوەی زیــاتر بــارودۆخەکەی خراپتــر کــرد ئەوەبــوو عوســمانیەکان دەرکردنــی فەرمــانی ســوڵتانیان گواســتەوە بــۆ والیەکــانی بەغــدا و دیــاربکر ، وەهەنــدێ جــار

له رووی کــارگێڕیەوە میرنشــینە کوردییەکــان ســەر بە بەغــدا یــان دیــاربکر بــوون ئەمەش دەبــووە هــۆی دەســت تێــوەردانی والیەکــان لە کاروبــاری نــاوەخۆی میرنشــینەکان ئەم خــالانەی خــوارەوە ئامــاژەن بــۆ لابــردن و دانــانی میرە کوردییەکان: ـ

1 ـ لە دیــارترین ســیفاتەکانی دوورخســتنەوەی میــرە کوردییەکــان بریتــی بــوو لە دوورخســتنەوەی ســلیم بەگــی بابــان لەلایەن ئەحــمەد پاشــای کــوری حســن پاشــا والــی بەغــدا (1723 ـ 1747) ئەمەش بە هــۆی ئەوەی ســلیم بەگ ســەربەخۆبووە و ئامــادەنەبووە دان بەدەســەڵاتی عوســمانیدا بنــێ، ئەمەش دوای ئەوەی ســلیم بەگ بــووە دۆســتی نادرشــا (1736 ـ 1747) ئەحــمەد شــا هێرشــی هێنــایە ســەر ســلێمانی و دوای گەمــارۆدانی ســلیم بەگ لە قەڵای سروچك سلیم بەگ پاشگەز بووەوە لە پاڵپشتی ئێران و ئەحمد پاشا هێزەکەی کشاندەوە.

2 ـ لێــدانی ئەو میــرە کــوردانەی کە خەونــی فراوانکردنــی میرنشــینەکەیان هەبــوو وەك میــر بەدرخــان پاشــا لە 1843 و میری سۆران لە 1836 و عبدالرحمن پاشای بابان و... هتد.

3 ـ لادانــی ئــەو میــرە کوردیــانەی کە بەگــوێرەی بەرژەوەنــدی والیەکــانی عوســمانی نەدەجــولانەوە، وەك لاوازکردنــی ئیبــراهیم پاشــای بابــان لە ســالی 1786 ئەمەش بە هــۆی ئەوەی بەشــداری لە هێرشــی والــی بەغــدا نەکــرد لە دژی هــۆزی مونتەفیــك و لە بەرامــبەردا عوســمان پاشــا کــرا بە میــری بابــان کە بە گــوێڕایەلی تەواو بــۆ عوسمانیەکان ناسراوبوو بەشداری هێرشەکەشی کرد.

4 ـ دانــانی ئەو میــرە کوردیــانەی کە زۆرتــرین پــارەو دیــاری و ڕەشــوەیان دەدا بە والیەکــانی بەغــدا، هەروەك گەریــدەی ئەلمَــانی نیبــور دەڵێــت: کــام میــر لە بابانیەکــان پــارەو ودیــاری زیــاتری بــدایە والــی بەغــد ئەو دەکــرا بە میری بابان.

5 ـ دانــانی میــر یــان لابردنیــان بەهــۆی بــابەتی شخصــی وەك دانــانی ســلێمان پاشــای بابــان لە ســاڵی 1764، ئەمەش بە هۆی پەیوەندی خۆش و برادەرایەتی لەگەڵ عمر پاشای والی بەغدا.

6- یەکێــك لەو ڕێگــایەنەی کە بە هــۆیەوە عوســمانیەکان بە زۆری دەســتیان لە کاروبــاری نــاوخۆی میرنشــینەکان وەردەدا، بریتــی بــوو لە تۆمەتبارکردنیــان بە خــائیین و هەڵــگەڕاوە و هەوڵــدان بــۆ جیــابونەوە و هەوڵــدان بــۆ فراوانخــوازی یــان پەیوەنــدی لەگەڵ ئێــران، وەك تۆمەتبــارکردنی میــر شــەرەفخانی بەدلیســی بە پەیوەنــدی کــردن بە ئێــران. یــان کوشــتنی بەکــر بەگــی میــری بابــان لەلایەن والــی بەغــدا حســن پاشــا لە (1704 ـ 1723) بە بیــانووی

فراوانكردنـــی ســنوری دەســەڵاتی. هەنــدێ عوســمانیەكان هەنــدێ جــار میــرە كوردییەكانیــان بەوە تاوانبــار كــردووە كە دیاریــان بــۆ ســوڵتان نەنــاردووە یــان لە بۆنەكانــدا پیرۆزبایــان لــێ نەكــردوون وەك دەســتگیركردنی یوســف خــانی میــری بابـــان بە بیـــانوی ئەوەی بە بـــۆنەی گـــرتنەوی بەغـــدا لە ســـاڵی 1638 لەلایەن ســـوڵتان مـــورادی چـــوارەم پیرۆزبـــایی لە ســـوڵتان نەكـــردووە ، نـــاوبراو لە دیـــاربكر بەنـــدكرا تـــا ئەو كـــاتەی نـــامەی پیرۆزبـــایی و دیـــاریەكی گەورەی بۆ سوڵتان نەنارد ئازاد نەكرا.

**ب- دەستكاری كردنی سنوری میرنشینە كوردییەكان : -**

بە هـۆی بەردەوامـی دەسـتوەردانی عوسـمانیەكان لە كاروبـاری نـاوخۆی میرنشـینە كوردییەكـان سـنور و نەخشـەی میرنشـــینەكان بەردەوام لە گۆرانـــدا بـــووە ، لەوانە بە زۆری ئەم گـــۆرانە بەر میرنشـــینەكانی كوردســـتانی باشـــوور كەوتـووە بە هـۆی نزیكیـان لە ئێـرانەوە عوسـمانیەكان زیـاتر دەسـتیان لە كاروباریـان وەرداوە بە تـایبەتی میرنشـینی بابـان یـان بە هـۆی دڵنیـا نەبـوونی لە میرنشـینە كوردییەكـان عوسـمانیەكان لە سـەردەمی حسـن پاشـای والـی بەغـدا لە (1704 - 1723) هەمـــوو كوردســـتانی باشـــور و شـــارەكانی مـــاردین و نوســـێبینیان لەڕووی كـــارگێریەوە كـــردە بەشـێك لە ویلایەتـی بەغـدا تەنـانەت لە بەغـداوە كارمەنـدی ئەم بەشـانەی كوردسـتان دانـرا و بـاجی میرنشـینەكانی كوردســتانی باشــوور بــۆ بەغــدا نێــردراوە. یــان والــی بەغــداش كاروبــاری میرنشــینی بادینــانی دایە دەســت والــی موسـڵ و كاروبـاری میرنشـینی بابانیشـی لە ژێردەسـتی خـۆی هێشـتەوە، ئەمەش بـووە هـۆی دروسـتبوونی ململانێـی تونــد لە نێــوان والیەكــانی بەغــدا و میرنشــینی بابــان بــووە هۆكارێــك بــۆ ئەوەی میرەكــانی بابــان پشــت بە ئێــران ببەستن بۆ سەربەخۆبوون لە دەستی ویلایەتی بەغدا.

## میرنشینی سۆران

ســەرچاوە مێژووییەكــان ڕای جیاوازیــان هەیە لەســەر ئەم میرنشــینە لەبــارەی شــوێن و نــاو و ســەرەتای ســەرهەڵدانی. زۆربەی ســەرچاوەكان كــۆكن لەســەر ئەوەی ئەم میرنشــینە بەر لە هــاتنی عوســمانییەكان بــۆ نــاوچە كوردییەكــان لە ســەردەمی قەرەقۆینلــۆ و ئــاق قۆینلــۆدا هەبــووە. دامەزرێــنەری ئەم میرنشــینە كەســێك بــووە بەنــاوی كەلــۆس. ســەبارەت بەشوێنی میرنشینەكە بنكەی ئەم میرنشینە لە ناوچەی ئاوان یان لە دێی هاودییان بووە كە تا ئەمڕۆش ماوە.

حوسێن حوزنی موکریانی دەربارەی کەلۆسی دامەزرێنەری ئەم میرنشینە دەڵێ کەلۆس کورد بووە ئەم پیاوە شوان بووە و مەڕی زۆری هەبووە پاش مردنی خۆی سێ کوڕی لەدوای خۆی جێماوە کە ئەوانیش (عیسا و شێخ ویس و ئیبراهیم) بوون. عیسای کوڕی کەلۆس پیاوێکی میهرەبان و بەخشندە بووە هەرچی ماڵی هەبووە بەخشیویەتی بەخەڵك بۆیە خەڵك لە دەوری کۆبوونەتەوە و دەستی کردووە بەدانانی دیوەخان و گەنج و پیری ناوچەکە خولیای ئازایی و لێهاتووی ئەوبوون عیسا لەلایەن خەڵکی ناوچەکەی خۆی موبایەعە کراوە. دوای ئەوەی هەڵی کوتایە سەر قەلآی ئاوان خەڵکی بە میر ناویان بردووە. دوای گرتنی ئەم قەلآیە دەسەلآتی زیاتر فراوانبووە. سەرچاوەکان دەڵێن لە کاتی شەڕدا عیسا و هاوەلآنی بەبەردی سور بەرگریان لە خۆیان کردووە یان بەبەردی سور شەڕیان کردووە و قەلآتی ئاوانیان گرتووە بۆیە بە (سوران) یان (سۆران) ناویان دەرچووە. ساڵح قەفتان دەڵێ لە میرە سەرەتاییەکانی میری سۆران ناوی سوهراب بووە ناوی میرنشینەکە بەناوی ئەوەوە ناونراوە سۆران. یان دەگوترێ ناوەکەی لە شوێنە جوگرافیەکەیەوە وەرگیراوە کە ناوچەی سۆرانە.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە میر عیسای کوڕی کەلۆس لە ساڵی 1400 دەسەلآتی گرتۆتە دەست دوای فراوانبوونی دەسەلآتی شاری هەریری کردۆتە پایتەختی خۆی. دوای مردنی شا علی کوڕی میر عیسا هاتۆتە سەر دەسەلآت شا علی نزیکەی 20 سالأ بە ئارامی حوکمی میرنشینی سۆرانی کردووە دەسەلآتی لە ناوچەکانی خەلیفان و دۆڵی خۆشناوەتی و شەقلآوە تا دەوروبەری هەولێر درێژبوەوە پێش مردنی شا علی دەسەلآتی خۆی بەسەر چوار کوڕەکەیدا دابەش کرد.

عیسای کوڕی شا علی کوڕە گەورەی دەسەلآتی وەرگرت، بەلآم دوای بە شەڕهاتنی لەگەلأ بابانەکان ئەم میرە کوژراوە. دوای ئەو براکەی بەناوی میر سەیدی کوڕی شا علی دەسەڵاتی میرایەتی سۆرانی وەرگرتووە و توانی دەست بەسەر میرنشینی سۆراندا بگرێت. ئەم میرە پەلاماری میرنشینی بابانی داوە و توانی دەستبگرێت بەسەر هەریر و شەقلآوە و هەولێر و دۆڵی سماقولّی. لەسەردەمی ئەم میرەدا میرنشینی سۆران سەربەخۆ بووە و دەسەلآتی بەشێوەکی فراوان گەشەی کردووە دوای مردنی سێ کوڕی لە دوای خۆی جێ هێشتووە ئەوانیش میر عزالدین شێر و سلێمان و سەیفەدین بوون. زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە میر عزالدین شیر دوای ئەوەی لەساڵی 1535 دا بۆتە میر سەردەمی ئەم هاوسەردەمی سوڵتان سلێمانی قانونی(1520- 1566) بووە لە

ســەردەمی ئەم میــرەدا هەولێــر پــایتەختی ســۆران بــووە، بەڵام لە ســاڵی 1535 لەلایەن ســوڵتان ســلێمانەوە کــوژراوە پێشتر کە ئاماژەمان بە هۆکارەکانی کوشتنی کردووە.

دوای کوشــتنی میــر عزالــدین شــیر زۆربەی ناوچەکــانی میرنشــینەکە بە هەولێریشــەوە کەوتــۆتە ژێــر دەســەڵاتی میــر حوســێنی میــری میرنشــینی داســنی یەزیــدی. دوای کــوژرانی عزالــدین شــێر میــر ســەیفەدینی کــوڕی ســلێمان خــۆی وەکــو میــری ســۆران ناســاندوە. دوای ئەوەی خــۆی گەیانــدە لای شــای تەهماســبی ســەفەوی، بەیــارمەتی شــا تەهماســبی ســەفەوی و لایەنگرانــی تــوانی دەســەڵات لە دەســت میــری حوســێنی داســنی وەربگــرێتەوە. دوای ئەوە ســوڵتان ســلێمانی قــانونی داوای لە میــرە کوردییەکــان کــرد هێــرش بــکەنە ســەر میــر ســەیفەدین و لەنــاوی بەرن. ســوڵتان حوســێنی میــری بادینــان سەرپەرشــتی هێرشــی ســەر میــر ســەیفەدینی کــردووە، هەرچەنــدە میــرە کوردییەکــان نەیــانتوانی بەهێرشــکردن لەنــاوی بەرن، بەڵام میــری برادۆســت یوســف بەگ بەقســەی خــۆش هەڵیخەڵەتانــد و بــردیە لای ســوڵتان ســلێمان گــوایە لێی خۆش دەبآ، دوای ئەوەی چووە ئەستەمبۆڵ بآ سێ و دوو سوڵتان سلێمان لەسێدارەی دا.

دوای ئەوە کەســێك لە بنەمــاڵەی ســۆران بەنــاوی قــولی بەگ چەنــدین هەوڵێکــی دا بــۆ دەســەڵات وەرگــرتن، بەڵام دوای ســەرنەکەوتنی ڕای کــردە ئێــران دوای ئەوەی خــاکی ســۆران لەنێــوان داســنآ و بابانەکــان بــووە جــێگەی کێشــەو ئــاژاوە و دوای هەوڵێکــی زۆری خەڵکــی نــاوچەکە قــولی بەگیــان گەڕانــدەوە و کردیــانەوە میــری ســۆران. دوای ئەوە میــر قــولی بەگ قەڵای دوینــی لە دەشــتی هەریــر دروســتکرد و کــردیە بــنکەی دەســەڵاتی خــۆی، پــاش ئەوەی تــوانی هەولێــر بگێــرێتەوەو کــردیە پــایتەختی خــۆی ئەم میــرە بۆمــاوەی 20 ســاڵ فەرمــانڕەوایی کــردووە دوای مردنــی دوو کــوڕی لە دوا جێماوە ئەوانیش سلێمان بەگ و بۆداق بەگ.

ســەرەتا بــۆداق بەگ بــووە میــری ســۆران بەڵام دوای ئەوەی شــەڕ کەوتە نێــوان بــۆداق بەگ و ســلێمان بەگ، بــۆداق بەگ ڕای کــردە ئامێــدی و هەر لەوێ مــرد، دوای ئەوە ســلێمان بەگــی کــوڕی قــولی بەگ بــووە میــری ســۆران. لەســەردەمی ئەم میــرە دەســەڵاتی ســۆران زۆر گەشــەی کــردووە ئەم قەڵای خــانزاد و بانەمــان و حەریــری دروســتکرد. هەروەهــا دەســەڵاتی تــا کــۆیەی لەڕۆژهەڵاتە وە تــا بادینــان درێژبــۆتەوە. ســلێمان بەگــی کــوڕی قــولی بەگ هێرشــی کــردە ســەر میرنشــینی زەرزاریەکــان لە شــنۆو دەســتی بەســەر شــنۆدا گــرت و چەنــدین کەســی لە زەرزاریەکــانی کوشــت، ئەمە بــووە جــێگەی تورەبــوونی ســوڵتان مــورادی ســێیەمی عوســمانی(1574– 1595) بەڵام دوای هێرشــی بــۆ ســەر قزڵباشــەکانی ســەفەوی ســوڵتان مــوراد عەفــووی کــرد. لە ســەردەمی سلێمان بەگــی کــوڕی قــولی بەگ زانست

زۆر گەشـــەی کـــرد و قوتابخـــانەی ئـــایینی بـــۆ بـــاپیرە گەورەی مەلا فەنـــدی لە هەولێـــر و بنەمـــاڵەی حەیـــدەریەکان لە مـــاوەران دروســـتکرد، بەهـــۆی ئەمـــانەوە ســـەدان مەلا و زانـــای ئـــایینی پێگەیشـــتن و ئیجازەیـــان وەرگـــرت. بەجۆرێـــك فەزڵ و گەورەی ئەم دوو بنەمـــاڵە ئـــاینیە تـــا ئەمـــڕۆش بـــاس دەکرێـــت. ســـلێمان بەگـــی کـــوڕی قـــولی بەگ دوای مردنـــی لە هەولێر نێژراوە.

دوایـــی عەلـــی بەگـــی کـــوڕی ســـلێمان بەگ بـــۆتە میـــر و لەدەوروبەری ســـاڵانی 1596ز دەســـەڵاتی میرایەتـــی ســـۆرانی وەرگرتـــوو. لەســـەردەمی ئەم میـــرە دەســـەلآتی ســـۆران دای لەکـــزی دوای مردنـــی علـــی بەگ خـــانزادی خوشـــکی بـــۆتە میـــر کە بەخـــانزادی میـــری ســـۆران ناســـراوە. لەســـەردەمی ئەم میرەشـــدا دەســـەلآتی ســـۆران بەردەوام لە لاوازی دەبـــێ و چەنـــدین نـــاوچە لەدەســـت دەدات بەتـــایبەتی بەرامـــبەر بابانەکـــان بەم شـــێوەیە ئەم میرنشـــینە ڕوو لە لاوازی دەبێـــت تـــا مستەفا بەگ دەسەلآت دەگرێتە دەست.

مستەف بەگ لەساڵی 1622 دەسەلآتی وەرگرتووە. ئەم میرە میرێکی بەهێز بووە، ئەم پەیوەندی لەگەڵ عوسمانیەکان خۆش بوەو بەشداری هێرشی حافز پاشای لەشکری عوسمانی کردوە بۆ گرتنەوەی بەغدا لە ساڵی 1623 لەکاتی هەڵگەڕانەوەکەی بەکر سوباشی، بەڵام لەم شەڕانەدا مستەفا بەگ کوژراوە. دوای ئەو میر ئاودەل بەگ دەبێتە میری سۆران دوای مردنی میر ئاودەل بەگ، میر ئۆغزی کوڕی میر ئاودەل بەگ بۆتە میری سۆران لەسەردەمی میر ئۆغزی کوڕی میر ئاودەل بۆ یەکەمجار پایتەخت برایە ڕەواندوز. لە سەردەمی ئەم میرەدا شەڕ و کوشتاری زۆر لەگەڵ بابانەکان ڕوویداوە تەنانەت بابانەکان ڕەواندوزیان گرتووە، بەڵام میر ئۆغزی کوڕی میر ئاودەل توانی ڕەواندوز لەدەستی بابانەکان بسێنێتەوە، دوای مردنی میر ئۆغزی کوڕی میر ئاودەل لە ساڵی 1792 میر ئەحمەدی کوڕی هاتە سەر دەسەلآت، بەڵام سەردەمی ئەم میرە کورت بووە لە ساڵی 1799 مردووە.

دوای ئەوە هەر لە ســـاڵی 1799 میـــر ئـــۆغزی کـــوڕی میـــر ئەحـــمەد بـــۆتە میـــری ســـۆران، بەڵام میـــر ئـــۆغزی کـــوڕی میـــر ئەحـــمەد خـــوی دایە خوێنـــدی ئـــاینی و خوداپەرســـتی و ناوچەکـــانی میرنشـــینەکەی بەســـەر چـــوار لە کوڕەکاینـــدا دابەشکرد بەم شێوەیە:-

1- مستەفا بەگ: کوڕە گەورەکەی بوو ناوچەکانی ڕەواندز و باڵەکیان و ئاکۆیانی پێدا.
2- یەحیا بەگ: ناوچەکانی سیدەکان و خوا کورك و پیرەسەنی پێدا.
3- تەمر خان: ناوچەکانی هاودیان و شێتنە و دۆڵەمەڕی پێدا.

4- بایز بەگ: ناوچەکانی دەشتی سۆران و باپشتیانی پێدا.

دوای مردنــی میـر ئـۆغزی کـوڕی میـر ئەحـمەد لە سـاڵی 1802 مسـتەفا بەگــی کـوڕی بـووە میـری سـۆران، کە دەکـاتی باوکی میر محمدی گەورە پاشای کۆرە.

**میرنشینی بابان**

دیــاریکردنی ســەرەتای دامەزرانــدنی میرنشــینی بابــان کــارێکی زەحـمەتە تەنــانەت شــەرەفنامەش ئەم ڕاســتیە بــاس دەکــات، بەڵام بەگــوێرەی ســەرچاوەکان ئەم میرنشــینە لە ســەرەتای ســەدەی شــانزەهەم هەبــووە و بچــوك بــووە، لەو کــاتەدا هەردوو میرنشــبنی ئەردەلان لە ڕۆژهەڵات و ســۆران لە ڕۆژئــاوا بــوون لەڕووی رووبەرەوە لە میرنشــینی بابــان فراوانتربــوون. میرنشــینی بابــان لەلایەن ســێ بنەمــاڵەوە بەهەمــان نــاو واتە بەنــاوی بابــان فەرمــانڕەوایی کــراوە، ســەرەتا نــاوی میــر پیربــۆداق هــاتووە کە بە دامەزرێــنەری یەکەم دادەنرێــت، ئەم میــرە لە ســەرەتای ســەدەی شــازدە واتە لە ســاڵی 1500 بەدواوە فەرمــانڕەوایی کــردووە و میرێکــی بە توانــا بــووە و شــاعیرانی ســەردەمی خــۆی ستایشــیان کــردووە، ئەم میــرە لە ســەر حیســابی میرنشــینەکانی ســۆران و ئەردەلان فراوانخــوازی کــردووە و نــاوچەی شــارەزوور لە ئەردەلان و زێــوەی لە ســۆران ســەندووە. هەروەهــا کەرکــوکی لە عوســمانی و ســۆڵدوزی لە سەفەوییەکان وەرگرتووە.

دوای مردنـــی میـــر پیربـــۆداق کە وجـــاغ کوێربـــووە و منـــداڵی لە دوای خـــۆی بەجێنەهێشـــتووە دوای ئەم (پیـــر نظـــر) هــاتووە کە بەدووەم دامەزرێــنەری میرنشــینی بابــان دادەنرێــت، دوای پیــر نظــر بابــان بــووە بە دوو بەشــەوە، بەشــێکی بەدەســت میــر (ســلێمان) و بەشــەکەیتری بە دەســت میــر (ئیبــراهیم)ەوە بــووە ، دوای بەشــەڕ هــاتنی ئەم دوو میــرە بــۆ مــاوەی ســێ ســاڵ میــر ســلێمان میــر ئیبراهیمــی کوشــتوە و میــر ســلێمان پــانزە ســاڵ حــوکمی کــردووە، بەڵام دوای مردنـــی میـــر ســلێمان کوڕەکــانی میـــر ســلێمان و میـــر ئیبـــراهیم بەشـــەڕ هـــاتوونە، بەم جـــۆرە تـــا دەرکەوتنـــی (فەقـــآ ئەحـــمەدی دارەشـــمانە) لە ســـاڵی 1678 میرنشـــینی بابـــان بەهـــۆی شـــەڕی نـــاوەخۆوە دەســـەڵاتیان تەواو دای لە کـــزی و گرینگی و کاریگەر ئەو تۆیان بەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکە نەماوە.

فەقــێ ئەحــمەدی دارەشــمانە دوای پیــر نظــر بە ســێیەم دامەزرێــنەری بنەمــآلەی بابــان دەناســرێت. لەڕاســتیدا فەقــێ ئەحــمەدی دارەشــمانە دەرەبەگێکــی دیــاری نــاوچەی پشــدەر (واتە قەلادزێ) بــووە بەهــۆی ئەو خــزمەتە زۆرەی بە

دەوڵەتــی عوســمانی کــردووە لە شــەڕەکانی دژ بە ســەفەویەکان، عوسـمانیەکان دانیــان نــاوە بە دەســەڵاتەکەی، ئەمەش لە دوای ئەوەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بە لێهاتووی خۆی توانی دەسەڵاتی میرنشینی بابان بگرێتە دەست.

دوای مردنــی فەقــێ ئەحـمەد کـوڕەکەی جـێگەی گـرتەوە کە نــاوی (سـلێمان پاشــا) بـوو کە بە سـلێمان بەبە یــان بابــان نــاوی دەرکردبــوو کە لە کۆتایەکــانی ســەدەی حەظــدە دەســەڵاتی میرنشـینەکەی وەرگرتــووە. سـلێمان میرێکــی بەهێــز و بەتوانــا بــوو. لە ســەردەمی ئەمــدا میرنشــینی بابــان زۆر پەرەی ســەندووە. ســلێمان پاشــای بەبە بەهــۆی لاوازی میرنشــینی ئەردەلان لە ســاڵی 1694 چەنــدین نــاوچەی لە ئەردەلان گرتــووە. ســەرچاوەکان دەڵــێن ســلێمان بەبە هەولێــر و کــۆیری و مەنــدەلی و بەدرە و جەسانیشــی گرتــووە. ئەم میــرە بەهــۆی فراوانبــوونی دەســەڵاتی بــووە جــێگەی مەترســی لەلایەن عوســمانی و ســەفەویەکانەوە، هەر بــۆیە دوای ئەوەی هەردوو دەوڵەت دژایەتــی خۆیــان بــۆ ڕاگەیانــد توانیــان تەواوی ناوچەکــانی لــێ بســەننەوە و لەســەرەتای ســەدەی هەژدە لە دەســەڵات لابــراوە بەمەش کۆتــایی بە خەونی ئەم میرە هات.

زۆربەی ســەرچاوەکان بــاس لەوە دەکەن کە ســەردەمی میــر ســلێمان بەبە پــایتەختی بابانەکــان لە قەڵاچــوالان بــووە. زۆرێــك لە ســەرچاوەکان بــاس لەوە دەکەن کە دەســەڵاتی سـلێمان بەبە بەهێــز فراوانبــووە گەیشــتۆتە کەرکــوك و والــی کەرکــوك دلاوەر پاشــا کاتێــك لە دژی وەســتاوەتەوە لەلایەن ســلێمان بەبەوە کــوژراوە، هەروەهــا ســلێمان بەبە ناوچەکــانی ســەقز و مەریــوان و هەورامــانی لە میرنشـینی ئەردەلان گرتــووە. بەڵام ئەو کــات پەیمــانی زەهــاو لە نێــوان عوســمانی و ســەفەویەکان هەبــووە، بــۆیە بەزووی کەوتــونەتە هاوکــاری یەکتــر بــۆ لێــدانی سـلێمان پاشــای بەبە. شــا حسـێن شــای ســەفەویەکان لە نامەیەکــدا بــۆ ســوڵتانی عوســمانی نوســیبوی: "ئێــوە نیشــانەی پاشــایەتیتان داوەتە ســلێمان پاشــا". دوای ئەوە هەردوو دەوڵەتــی عوســمانی و ســەفەوی بڕیــار دەدەن دژی ســلێمان پاشــای بەبە بوەســتن تــا ئەوکــاتەی لەشــکری هەردوولا توانیــان لەشــکری ســلێمان بەبە تێکبشــکێنن. مەســتورە خــانمی مێژوونــووس لە بــارەی ئەو شەڕانە نوسیویەتی: "وەك گەڵای دار لە لەشکری سلێمان پاشای بەبە هەڵدەوەری".

دوای مــردن سـلێمان بەبە بەکــر بەگ بــووە میــری بابــان. بەکــر بەگ لە ســەرەتای ســاڵی 1700 دەســەڵاتی گــرتە دەســت و دەســتی کــرد بە فراوانکردنــی دەســەڵاتی، بەڵام لە ســاڵی 1714 لەشــکری بەکــر بەگ و حســن پاشــای والــی بەغــدا(1704-1723) بەشــەڕ هــاتن دوای شــکانی بەکــر بەگ لە هەمــان ســاڵدا لە بەغــدا لەلایەن حســن پاشــاوە کــوژراوە. دوای بەکــربەگ خانەپاشــا هــات تــا ســاڵی 1728 فەرمــانڕەوایی بابــانی کــردووە. خــانە پاشــا پەیوەنــدیەکی

بەهێــزی لەگەڵ والــی بەغـدا حســن پاشــا هەبــووە. لەو ســەردەمەدا حکــومەتی ســەفەوی لە ســاڵی 1722 لەلایەن ئەفغانەکــانەوە ڕووخــا، بــۆیە عوســمانیەکان لە ســاڵی 1723 پەلامــاری ئێــران دەدەن و خــانە پاشــاش لەم هەڵــمەتەدا بەشـداری کـاریگەری دەبێـت و لە گەڵ حسـن پاشـای والـی بەغـدا لە تشـرینی یەکەمـی سـاڵی 1723 کرماشـان دەگـرن. هەروەهــا خــانە پاشــا لەگەڵ حســن پاشــا بەشــداری لەهێــرش بۆســەر میرنشــینی ئەردەلان و لوڕســتانی کوردیــدا کــردووە، لەئاکــامی ئەم دڵســۆزیەی لە ئەســتەنبۆڵەوە لەقەبــی (پاشــا)ی پێــدەدرێت. دوای مردنــی حســن پاشــا أحمــد پاشـا(1723–1747)ی کـوڕی بـووە والـی بەغـدا خـانە پاشـا لەگەڵ أحمـد پاشـا شـاری همـدان دەگـرن. پەیوەنـدی نێـوان خـانە پاشـا و أحمـد پاشـا بەردەوام نەبـوو بەتـایبەتی دوای بڕیـاری کشـانەوەی خـانە پاشـا لە شـەڕی أصـفهان، ئەمەش بەهـۆی ئەوەی خــانە پاشــا ئامــادە نەبــوو شــەڕی ئەفغانەکــان بکــات، چــونکە ســونی مەزهەب بــوون و ئەو شــەڕەی بەڕەوا نەدەزانــی، ئەمەش بـووە هـۆی شـکانی لەشـکری عوسـمانیەکان دوای کشـانەوەی خـانە پاشـا، لەئاکامـدا لە سـاڵی 1728 خــانە پاشــا لەلایەن أحمــد پاشــای والــی بەغــداوە کــوژراوە وەك تــۆڵە ســەندنەوەیەك بــۆ کشــانەوەی لە شــەڕی ئەفغانەکان.

دوای کـوژرانی خـانە پاشـا خالیـد پاشـای بـرای هـاتە سـەر دەسـەڵات، لەسـەردەمی ئەم پاشـایە نـادر شـا دەرکەوت و تــوانی وڵاتــی ئەردەلان لە دەســت بابانیەکــان دەربهێنێــت. لە کــاتی هێرشــە فــراوانەکەی نــادر شــا بــۆ ســەر عێــراق کە تـوانی کەرکـوك بگرێـت و هەروەهـا شـاری بەغـدا و موسـڵی گەمـارۆدا، لەم کـاتەدا خالیـد پاشـا بەناچـاری یـارمەتی نادرشــا دەدات لەپێنــاوی پاراســتنی دەســەڵات و میرنشــینەکەی، بەڵام دوای تێکشــکانی نــادر شــا خالیــد پاشــا لێــی هەڵـگەڕایەوە و لەپـاڵ عوسـمانیەکان بە سـەرکردایەتی تۆپـاڵ عوسـمان پاشـا ڕۆڵـی کـاریگەری بینـی لە شـکانی نـادر شـا. لەئاکامـدا لە سـاڵی 1733 عوسـمانیەکان و نادرشـا ڕێکەوتـن و نـادر شـا لە عێـراق کشـایەوە، هەر لەم سـاڵەدا دوای مردنی خالید پاشا سەلیم پاشای کوڕی بەکر بەگ بووە میری بابان.

ســەلیم پاشـا یەکێـك بـوو لەو میـرانەی لەکـاتی هێرشـی دووەمـی نـادر شـا بـۆ سـەر عوسـمانیەکان یـارمەتی نـادر شـای داوە، بەڵام دوای ڕێکەوتنــی عوســمانیەکان و نــادر شــا لە ســاڵی 1743 نادرشــا لە عێــراق کشــاوە. بەڵام بەهــۆی دۆسـتایەتی پـتەوی نـادر شـا و سـەلیم پاشـا تـا مردنـی ناردشـا لە سـاڵی 1747 عوسـمانیەکان نەیـانتوانی هێرشـبکەنە سـەر سـەلیم پاشـا، دوای مردنـی نـادر شـا لە سـاڵی 1747 أحمـد پاشـا بە لەشـکرێکی گەورەوە هێرشـی کـردە سـەر قەڵاچوالان و سەلیم پاشای لەسەر دەسەڵات لادا و سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای کردە میری میرنشینی بابان.

سلێمان پاشا (ناسراوە بە سلێمانی کوژراو) بۆ ماوەی چواردە ساڵ حوکمرانی کردووە، ئەم میرە بایەخی بە بواری زانست و خوێندەواری و زانا و مزگەوت و کتێب داوە، بۆیە بواری خوێندن و خوێندەواری لە سەردەمی ئەم میرە پەرەی سەندووە. لەڕاستیدا سلێمان پاشای بابان پەیوەندی لەگەڵ والی بەغدا سلێمان پاشا ناسراو بە أبو لیلی باش بووە، بەڵام دوای مردنی أبو لیلی لە ساڵی 1761 پەیوەندی نێوان سلێمان پاشای بابان و علی پاشای والی بەغدا تێکچوو ئەمەش لەبەر مەسەلەی پارە و باج، کاتێك سلێمان پاشا ئامادە نەبوو باج و خەراج بدات بە علی پاشای والی بەغدا، لە ئاکامدا لەساڵی 1761 لەگەڵ والی بەغدا لەنزیك (کفری) کەوتنە شەڕەوە، دوای شکانی سلێمان پاشای بابان ڕایکردە ئەردەلان. دوای ئەوە محمد بەگی برای بووە میری بابان، هەرچەندە بۆ چەند ماوەیەکی کورت کە لە سێ ساڵ زیاتر نیە سلێمان پاشا توانی دەسەڵات لە براکەی بسەنێتەوە و بۆوە پاشای بابان، بەڵام لە هاوینی (1764) کوژراو و دوای ئەوە محمد پاشا دووبارە بۆوە میری بابان.

سەردەمی ململانێی و شەڕی نێوان هەر سێ برا لەسەر دەسەڵاتی میرایەتی بابان (محمد و ئەحمەد و محمود) لە ساڵی 1764 تا ساڵی 1782 واتە تا بوونی ئیبراهیم پاشای کوڕی أحمد پاشا بەمیری بابان بەردەوام بووە. بەسەردەمی برا کوژی نێوان سێ میری بابان دەناسرێ. ئەم سێ میرە بەردەوام بوون لە شەڕ بۆیە بارودۆخی بابان تەواو تێکچووە و ئاژاوەی زۆر پەیدابووە تا هاتنی ئیبراهیم پاشا کە پایتەختی لە قەڵاچوالانەوە دوای دروستکردنی سلێمانی لەساڵی 1784 بۆ شاری سلێمانی گواستەوە. ئیبراهیم پاشای کوڕی أحمد پاشا لە ساڵی 1782 هاتە بووە میری بابان ئەم میرە بە شێوەیەکی پچڕپچڕ حوکمڕانی کردووە لە ساڵی 1789 عبدالرحمن پاشای کوڕی محمود پاشا بۆتە میری بابان، ئەمەش بە سەردەمێکی گرنگ لە مێژووی بابان دادەنرێ. سەرەدەمی عبدالرحمن پاشای بابان(1789-1813) بۆ ماوەی 24 ساڵ درێژەی کێشاوە بەشێوەی پچڕپچڕ، بەڵام بەسەردەمی دەرکەوتن و فراوانبوونی میرنشینی بابان دەناسرێ.